وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی عێراق بە 100 هەزار دینار بە مووچەی کرێکارانی خانەنشین زیاددەکات

وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیئەمڕۆ چوارشەممە،ڕایگەیاند بە 100 هەزار دینار بە مووچەی کرێکارانی خانەنشین زیاددەکات.

وەزارەتی کار لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە: ”ئەحمەد ئەسەدی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی کرێکارانەوە مژدەیەکی خۆش دەبەخشێتە کرێکارانی خانەنشین، بە زیادکردنی مووچەکانیان بە بە 100 هەزار دینار“.

ئاماژەی بەوەشکرد، "بەیاری زیادکردنی مووچەی خانەنشینکراوان لە دانیشتنی ئەنجومەنی وەزیران لە هەفتەی داهاتوودا دەنگی لەسەر دەدرێت".